ریکلام... بینین بە شێوەیەکی جوانتر.
ریکلام... دیوە هونەریەکەی گەیاندن.

**داستان کەمال**
**-سلێمانی-**




لەو روانگەی کە ریکلام رەگەزی بنچینەیی بازرگانیکردنەو تۆ بەم هونەری ریکلامە دەتوانیت باشتر کالاو ئامانجەکانی خۆت بە بەرانبەر بگەیەنیت، ماوەی چەند ساڵێکە ئەم هونەرە واتە هونەری دیزاین و ریکلامکردن و پروپاگەندە وەک ئەرکی گەیاندنی دیوی ناوەوەی دەزگا و دامەزراوە و میدیا و کۆمپانیاکان پەرەی سەندوە، لە هەرێمی کوردستاندا ئەزمونێکی تا رادەیەک سەرکەوتومان پیادە کردوە ئەگەرچی زۆربەی ریکلامە بازرگانییەکان کاڵ و کرچیان پێوە دیارەو بینەرو بیسەرو خوێنەر راناکێشن بۆ خۆیان، ریکلام چەند جۆرێکی هەیە لەم هەرێمەی ئێمەدا وەک ریکلامی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی و چاپەمەنی و میدیای ئەلەکترۆنی و پۆستەرات و تابلۆی سەر جادەکان، بەڵام ریگلامی تیڤی و ریگلامی چاپەمەنی توانیویەتی بەشێوەیەکی واقیعی خۆی بناسێنێت، وە ببێتە پردێک بۆ گەیاندنی دەنگ و رەنگی کۆمپانیاو کەسایەتی و کەرەستەکانی بازار.

ئەوەی تا ئێستا نییە لە کوردستاندا پرسی کوالیتی (نوعی) یە لە بەرهەمهێناندا لەگەڵ نەفەسی کورتی و پوختیی(ماقل ودل) کە نیمانە، ئەوەی هەیە پێناسەو چیرۆکی کۆمپانیاو کالاکانە نەک هونەری ریکلامەکە، ئەمە خەوشێکی گەورەیە، بۆ نمونە کۆمپانیا هەیە ئەوەندەی لەسەر مەدح و پیاهەڵدان و رواڵەت کار ئەکات ئەوەندە ناخوازێ هونەرێک پێشکەش بکات، لەکاتێکدا کۆمپانیا هەیە خۆی زۆر بەهێزو کاریگەرو پڕ بەرهەمە کەچی بە ریکلامێکی لاواز ئاستی کالاو هێزی بەرهەمی خۆی دا ئەبەزێنێ تا ئاستی گاڵتە پێکردن، لەکاتێکدا رەنگە کۆمپانیا یان کارخانەکە زیاتر لە ملیۆنێک دۆلاری تێچووبێ بەڵام خاوەن کارو سەرمایەدارەکە




نایەوێت ٪٢ی ئەو پارەیە بخاتە خزمەتی کۆمپانیاو فابریکەکەی، ریکلام کە رەگەزی بنچینەییە بۆ گەیاندنی راستی و فاکتەکان،یان نابێ بکرێ یان کە کراو ئەنجامدرا ئەبێ بە کوالیتی و بە تەکنیکی بەرزو شارستانیانەبێ، دەبێ ریکلام و بانگەوازو ئاگاداری لێک جیابکرێنەوە، نابێ باوەرمان بە ریکلامی خۆدەرخستن و خۆجوانکردن هەبێ لە سەرحسابی کۆمپانیا رکابەرەکانی تر، ریکلام نابێ میزاجی کۆمەڵ تێک بدات و ئەبێ حساب بۆ منداڵ و مێرد منداڵ و گەورە بکات، دەبێ تەشویقداربێ و ریگلامەکانمان هەڵگری پەیامی راسگۆییانەبێت و ئەوەی ئەمرۆ ئەیڵێین سبەینی بەجێی بگەیەنین و رەگەزی راستگۆیی تێدابێت تا کەسی وەرگرو کریار بە راستگۆیی و متمانەوە بروانێتە کاڵاو کۆمپانیاکان، هەمانکات دەبێ ئەوە بزانین کە هونەری ریکلام و ریکلامکردن،ئەچێتە خانەی هۆشیارییەکی شارستانی بۆ ئایندە، تۆ کاتێک دێیتە شاری سلێمانی یان هەولێر ریکلامێک ئەبینیت مانای وایە ئەم کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی زیندووە، وەمەرج نیە ئەو پارە زۆرەی کە خەرج ئەکرێت لە ریکلامدا هەمووی بچێتە خانەی بەرژەوەندیەکانی کۆمپانیاوە، هەرچەندە دەشێت لەزۆر باردا بەدەقات بێتەوەجێگای،بەڵکو بەشێکی بۆ خزمەتگەیاندنە بە جوانی شارو هەندێکیشی بەخەڵکی تا ئاشنا بن بە تەکنەلۆژیای سەردەم وبە تازەترین ئامێرە ئەلیکترۆنیەکانی ناو ماڵ و بەو کالایەی کە لەیەک ساتدا ئەمریکی وکوردو ئەوروپیەک دەتوانن تەلەفزیۆنێک یان بەفرگرێک بکرن لە نزیکترین مارکێت وبازاردا،دواجار ریکلام ناسێنەرێکی باشی بازارەو لەکوی ریکلامت هەبێت تۆ لەوی هەیت ودەتوانیت بەباشترین شێوە پەیامەکانت بە کریار بگەیەنیت، بەڵام هێشتا لەوڵاتی ئێمەدا بە داخەوە هونەری ریکلامکردن نەبۆتە دیاردە و بازرگانەکانمان نایانەوێت پارەیەک خەرج بکەن کە سودێکی نەبێت بۆیان ،سەرمایەدار ٢تا ٣ ملیۆن دۆلار ئەخاتە پرۆژەیەک بەڵام رەنگە ١٠ هەزار دۆلار نەدا بە ریکلامێ و هەزمی ناکا ئەم کارە بکات و دەست و پەنجەی نەرم بکات بە ریکلام، ئەمەیان پەیوەستە بە هۆشیاری کەسی بازرگان کە رەنگە نەخوازێت خۆی دەربخات و سەرمایەکەی بخاتە خزمەتی بەرژەوەندی گشتییەوە چونکە ئێمە هێشتا بە جیهانی نەبوین و ئەوەتاین لەناو لۆکاڵدا، تا ئێستا لەناو ئەو خورافەیەدا ئەژین کە باوەرمان بە حەسودی و چاوپیسی هەیە نەبا خەڵک بزانێت چەندێک سەرمایەمان کۆکردۆتەوەو دواجار چاوی پیس بەمانا تەقلیدیەکەی کارمان لی بکات تا ئێستاش کۆمپانیا هەیە نەک ریکلام ناکا بەڵکو چاوەزاریشی هەڵواسیوەو باوەری پێی نییە.

**با مۆبایل نەبێتە هۆکارێک بۆ لەناوچوونی مرۆڤ ،**
**راستەوخۆ لەکاتی هاژووتن بەکاری مەهێنە!!!**